# ڤان ئیرۆتیـــــــــــــــــك

**قوبادی جەلی زادە**



_ 1 _

ڤان ..

بەیانییەك ( ڤان ) شاژنی جوانی و عشق ، لە
ئەشكەوتی شانەدەردا هاتە دەرێ و گەردنە بەرزەكەی
هەڵبڕی و
رووی كردە خۆرو ووتی :

خودایە ..

ئەو ساتە وەختەی بە ترۆریستێكی دەبەخشیت ، تا تیتیدا منداڵێك سەربڕێ ، بۆ بەو
عاشقە شەیدایانەی نابەخشیت ،
تا تیایا مومارەسەی ئەڤین بكەن ؟

خودایە ..

ئەو هەمو زەویە بەر فراوانەی بە ترۆرستێكی دەبەخشیت ،
تا بۆ عشق كوشتن ، مین رێژی بكەن ، بۆ تەنیا بستێكی ، بە بەندە عاشقەكانتی
نابەخشیت ، تا گوڵ و ماچی تیادا بچێنن ؟

خودایە ..

ئەو زەریا بێ قەراغانەی ژەهر ، دەیخەیتە بەر چنگی ترۆرستێك ، تا تیادا جوانی
بخكێنێت ، بۆ نایكەی بە كانیلەیەكی شەكر و قوڕگی ساوایەكی هەتیوی پێ تەڕ كەی ؟

ڤان ...

بەر لەوەی بگەڕێتەوە ناو ئەشكەوت ، تورەكەیەك لیرەی خۆشەویستی هەڵڕشتە بەر
پێمان ، كە شاعرێكی سەر سپی عاشق ، لە ژووانی تاریكە شەوێكدا ، پێی بە خشی بوو ؟

**لیرەی یەکەم**

پەرداخێك شەرابی لێوتم بدەیە
تا پڕ ببمەوە ،
لە جریوە جریوی لاوێتیی .

**لیرەی دووەم**

بمدەیە
شمشێری برۆکانتم بدەیە ،
تا سەری ئەو دێوانەی پێ بپەڕێنم
کە گەرووم پڕ دەکەن لە ژەهری پیری ؟

**لیرەی سێیەم**

لە تاڵە ئاڵتوونیەکانی قژت ،
باڵێکم بۆ بچنە ..
تا بۆ باخچە هەڵواسروەکانی ئارامی
پێی هەڵفڕم .

**لیرەی چوارەم**

بمدەرێ ..
لە گۆزەی چاوە مەستەکانت
پێکێکم بدەیە
تا ژنی رەز بە رووتی ببینم ؟

**لیرەی پێنجەم**

بمدەرێ
چەپکێ تریفەی مەمکەکانتم بدەرێ
تا لە شەوی ئەنگوستەچاوا ن
بە شوێن گوڵە وون بووەکانی

بەختەوەریدا

بگەڕێم ؟

لیرەی شەشەم

بمدەیە ..

خەنجەرێك بۆ زیندووبوونەوە .

کوڵێنگێك ،

تا لە شەتاوی عشقدا ،

گۆری نەمری هەڵکەنم .

لیرەی حە فتەم

ئەمشەو مناڵێکی ئەنفالکراوم ..

بمدەیە ،

مشتێك بە زەییم بدەیە ؟

لیرەی هەشتەم

چاوەکانم کشان ...

بمدەیە ،

پەرداخێك  خەوم بدەیە .

لیرەی نۆیەم

بمبەرە بەر رێژنە بارانی دیدەت

با بیابانی رۆح ،

سەوز بێتەوە لە مەستی ؟

لیرەی دەیەم

دەستم بەردە ،

خۆم ئەو رێگایانە دەدۆزمەوە

کە دەچنەوە دابڕان .

لیرەی یازدەم

پەلم مەگرە کەسەکەم

خۆم هەموو باخەکانی داگیرسان ،

شارەزام ؟

شێتێکی پرچ چڵکنی کراس دادڕ دادڕ ، سەری بردە زارکی ئەشکەوتەکەو ،

سێ گۆرانی بۆ ڤان

چڕی :

_ 1 _

ئێمە بە ئاشکرا پیاو دەکوژین

و

بە دزیەوە یەکتری ماچ دەکەین ؟

_ 2 _

بە مندالّی ..

خوداو ژنیان لا ڤێزەون کردین ؟

خودا شمشێرو

ژن عەورەت ؟

_ 3 _

خودا بە شەش شە و

ڤانی دروست کردوو

دەستی بەسەر جوانیا داگرت و

پاشان پشووی دا ؟